# ئەمەریکا

## تێڕامانێک لەسەر ووزە و ژیان لە کۆمەڵگای ئەمریکی

**مەجید عەزیز**

لەم نوسینەدا بەشێوەیەکی گشتی باس لە ژیانی ئەمەریکا دەکرێت، واتە ئەم سەرنجانەی لێرەدا پێشنیاردەکرێن، زادەی دیدێکن لە تێڕوانینێکی گشتیدا و تێڕامانە لە بەسیمبولکردنی ڕووداوێک، کە بوو بە دیاردە. ئەو ڕووداوەش بریتی بوو لە بڕانی «وزەی کارەبا» لە زۆربەی ویلایەتەکانی ئەمەریکادا، کە پێش ماوەیەک ڕویدا. ڕووداوێکی بەم شێوە سەیرە مایەی سەرنج و لێکدانەوەی میدیا و هەروەها ڕۆڵی زۆربەی مرۆڤەکانە کە لەو شوێنانەدا دەژین. دیاردەیەک لەم ئاستە و تایبەتییەیدا بە دڵنیاییەوە دەبەسترێتەوە بەدیدو مەزەندەی زۆربەوە.

بڕانی کارەبا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک لە «ویلایەتی نیۆرک» و «کەنەدا» و وەهەروەها ویلایەتی «میشیگان» و چەندین شوێنی تریش، تا بڵێی ڕووداوێکی سەیر و مەزن بوو. ڕووداوێکی ئاوا بەو شێوەیە، کە زنجیرەیەک لە ویلایەتەکانی ئەمریکا و کەنەداش بەسەریەکەوە بگرێتەوە، مایەی شڵەژان و تێڕامان و نیگەرانییەکی گەورە بوو. وێناکردنی «تەسەورکردن» بەتەنیا شارێکی وەک نیۆرک کارەبای لێببڕێت، حەشامات و قەرەباڵغی ئەو شارە، وامان لێدەکات کتومت یادی فلیمەکانی هۆڵیود بکەینەوە، چۆن هەموو شتێکی تیادا دەبێ بەڕاستی.

بڕانی کارەبا، وەک سەرچاوەیەکی گرنک و بەهێز لەم زەمینە دیگیتاڵەدا، دەبێ بە کارێکی سەرسامکەر و سەیر و، لەهەمان کاتیشدا زۆر نامۆ دێتە بەرگوێ، چونکە لەم سەرزەمینە بەرفراوانەی ئەمەریکادا، لە حساباتی عەقڵە تایبەتەکاندا، دەبێت هەمووشتێک لە سنورەکانی ئاگالێبوون و چاوەڕوانکراودا «تەوەقوعدا» بێت. پێوەرەکانی ئەم عەقڵە زۆر تایبەتە وێنایەکمان لادروستدەکات کە دەتوانێت هەمو شتێک بێت، یان دەتوانێت بە هەموو شتێک بزانێت. بە لێکدانەوەیەک دێتەپێشێ، کە بتوانێت بە هەمان لۆژیکی بیزنسمانانە «رجال الاعمال» ڕاڤەکردنی بۆ هەموو شتێک و بۆ هەموو دیاردەیەک هەبێت. کێشەکەش لێرەوە دەستپێدەکات، چونکە ئەم لۆژیکە هەمان پێوەر و عەقڵیەتیش بۆ دونیا و ژیانیش بەکاردێنێت.

ڕەنگە ئەوەی ئێمە دەیزانین بەرامبەر شتەکان و ڕوداوەکان هەڵەبین و، ئەوەی دەیزانین زانینێکی هەندە نەبێت بماندات جیهانێک لە دەرەوەی شک و نادڵنیایی و دڵەڕاوکێ. ئەمە ئەوە دەسەلمێت کە شتێکی وەک سیستەمێک لە غەیبانییەت بونی نییە، غەیبانییەتێک بتوانێت لەسەرو ئیرادەی ئێمەوە بێت. واتە ڕاستە شتێک نیە بتوانێت نەزانراوەکان بزانێت، جگە لەوەی ژیان و بوون دەروازەیەکە لە بۆ کۆمەڵایەتی بوون و هاوبەشی و دیدێکی فراواندا، واتە کردنی بە تەنێ بۆ ئاستەکانی ڕوتی حساباتی عەقڵی و کەم کردنەوەی هونەری ژیان تیایدا بۆ نادروستی کەمکردنەوەی ژیان فەراهەم دەبێت. سیستەمێک لە فۆرمی جیاوازدا، خۆی دەکێشێت بە هەموشتێکی تردا لە پێناوی خۆیدا بۆ خۆی.

نەمانی «کارەبا» لەم وڵاتە گەورەیەدا، مانای نەمانی نیزام و ڕێکخستن و ئۆردەرە، مانای تێکچونی شیرازەکانە و، بەتایبەتی سەرچاوەی گرنک مەترسی لێدەکرێت؛ مەترسی کەمبوونەوەی کڕین و فرۆشتن. کارەبا لەم کیشورەدا، بەتەنیا ژیانی ڕۆژانە ناشێوێنێ، بەڵکو شێواندنی شتە بنجینەییەکانە لە ئاستی «بەرخۆریدا» ئیستیهلاکبووندا. هەروەها وێنەیەکی ئێپیکلیپتیکانەشە «قیامەت ئاسا»، وێنەی جۆرێک لە حەشربوون. لە شارێکی خێرا و ڕوناکی بەو شێوەیەی نێۆرک، بڕینی کارەبا بەو مانایە دێت کە قەرەباڵغترین زەمین ببەخشرێت بە دەسەڵاتی تاریکی. مەترسی «ڕایەت» شتێکی زۆر ئاسان دەبێت بۆ ڕوودان. «ڕایەت واتە بێسەروەری یاسا و ئاژاوە و هەراوهوریا و شکاندن و بڕینی بازاڕەکان و ڕژانە سەر شەقام بەشێوەیەکی شێتگیرانە، کە پۆلیسیش نەتوانێت کۆنترۆڵی دۆخێکی ئاوا بکات.

لەڕاستیدا بیرۆکەی «ڕایەت» کردەیەکی ئاساییە بۆ ئەمەریکا بە گشتی و، بۆ شارێکی وەکو نیۆرکیش بەتایبەتی. لەگەڵ ئەوەشدا لە کاتی «بڕانی کارەبا»دا، پێدەچێت خەڵک بە گشتی هێمن بووبن و هەوڵیان نەدبێ ئاژاوە بنێنەوە و ڕێسای ژیانی ڕۆژانە تێکبشکێنن. ئەمەش هێمایەکی باشە بۆ ڕێزگرتن لە یاساو ڕێساکان و، دیسپلین و ئارامی و ڕێزگرتنی یەکتر. ئەم پەرچەکرداره عەقلانییانە چەشنێک لە فەخری لای خەڵکی ئەمریکا دروستکرد. چونکە لە شارێکی ئاوادا، باشترین هەل و فرسەتی بەم شێوەیە دەستناکەوێت بۆ ئاژاوەنانەوە و ڕایەت. کۆی ئەمەش بەپێچەوانەی بۆچون و چاوەڕوانییەکانی حکومەت و پۆلیسەوە بوو. بیرمان نەچێت کاریگەری ١١سێبتمبەر بەسەر هاولاتیانەوە ئەو بیرەوەرییەیە کە شوێنی بەرینی لە ڕۆحیانەتیاندا داگیرکردوە و برینێکی مەزنەو وەکو زەخمێک بەسەر جەستەی کۆمەڵگای ئەمریکییەوە بووە بە نیشان.

بەڵام ئەمە لە ڕاستیدا چیمان پێدەڵێت، جگە لەوەی خەڵکی ئەم شارە لە ناخیدا نیگەرانییەکی بێئەندازە هەیە. دەتوانین بڵێین، ئێستاکەش بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕەنگە دڵنیا

نەبێت و بێـئـۆقـرەش بێت. واتە بێ شـک ڕێژەیەکی زۆری پیـادەنەکـردنی ڕایـەت و ئاژاوەش دەگەڕێتـەوە بۆ ئەو دیاردەیەی زوتـر. ئەمـە ئەوەشـمـان بۆ دەردەخـات، ئەمـەریکییـەکـان ڕاسـتـە ئاسـاییی بوونەتەوە، بەڵام لە هـەمـان کـاتیشـدا بە قسـەکـانی سـەرۆک بوش ئارام نەبوونەتەوە و نەهاتونـەوە سـەرخـۆ «سـەرۆک بوش، هـەر بە دوای ١١سـێتـێمـبـەردا، بە خـەڵکی ئەمـەریکای ڕاگـەیاند کـە خـەمنەخـۆن و ئاسـایی ببنـەوە و سبـەی ڕێک بـڕۆن بۆ بازاڕکـردن - شـۆپـینگ - چونکی ئەمــە باشـــترین کـارە مـرۆڤی ئەم وڵاتە پیـێــهـەڵبـسـێت. واتە لـە بری نیگـەرانی و خەمەکانتان - بچن پارە سەرفبکەن، چونکی ئەمە باشترین چارەسەرە بۆ ئەمریکا.

سەرۆک بوش دوابەدوای ١١سێبتێمبەرد باشـترین ئاڵـتەرنەتیڤێ هێنایەکایەوە، ئاشکرایە تێگەشـتن لە نیگەرانی خـەڵکیکی وروژاو ئاسـاییبکرێنەوە، زۆریلێکردن بچن بۆ «بازاڕکـردن» هـاوڵاتـیـــــان لە ئـازاردابـوون بـۆ وەڵام ،حـکـومـــــەتـەکـــــەیان لـێـی پـرسـین کــــــە کـۆنسـیـومــەر«مـوسـتــەهلیک»بن.ئەوانـەشێ تەمـاشـایاندەکـرد ئارەزویاندەکـرد بـبن بە ئەیـجـینت.ئەرکێ سـەرشــان و کـــارەکــەیان بـە بێــوست دانـەنرا .ئەوە گـرنگ بو.بۆ ئەوەی «ترس»ڕابماڵرێت خـەڵکی دەبێت هەنکاوێک لە ئیفلیج بون بجنە دەرەوە. سـەرۆکەکەیان ڕێگای چارەسـەرێ بۆ دۆزینەوە کە بجن بۆ «مۆڵ» بازاڕ (١). واتە شـتکڕین.لە کاتێکدا خـەڵک لە یادی خۆشـەویستـەکانیـان ژیر نەبووبوونەوە.ئەمە نـەک هـەر گوێ نەدان نییە بە هـاوڵاتییەکانی خۆی بە ڵکو گاڵتەپێکردن و گوێنەکرتنە لە زمانێ ئەوان کە چی دەڵێن؟.

ئەم کتوپڕییـەی نەمانی کارەبا چۆن میدیای وروژان، بەهەمان ڕێژەش ڕۆحیانی داخورپان. شـتێکێ سـەیر بـوو، بە تایبـەتی دوای ڕوداوە مێژوویی و کـارەسـاتەکـەی هـەمان شـاری نیـۆرک هـەموو کـەسێکی ئەم وڵاتەی وروژان. منیش بە هـەمـان شێـوە، ئەم وروژانە لە ڕاسـتیـدا هـانێکی زۆری دام بۆ تۆمارکردنی دیدو بۆچون هەستەکانم لە نێو ئەم نوسینەدا کۆبکەمەوە.

ئەوەی مـیـدیـا دەیەوێت پێمـانبـڵـێت، هیچ کـاتێک وێنەیـەک نییـە لەو ڕاسـتییـەی کـە دەبوایە بەوشـێوەیە ئاگـاداریبین و هـەستی پێبکەین. واتە ئێـمـەیش لێرەدا هـەوڵدەدەین باس لەو ڕوداوە بکەین. ئەم وتارە بە تەنیـا لـەم سنورەدا خـۆی قەتیسناکات، بەڵکو زیاتر لەوە شـۆڕدەبێتـەوە و سنوری دەنگوباس بەجێدەهێـڵـێت. واتە دەتوانین بڵـێین دەیەوێت باس لەوە بکـات، کە باسـیـان نەکرد.

ئەم ڕووبەڕەی دایەلۆگی نێو مـیدیا مـەرکـەزێک دروسـتـدەکـات لە بۆمـانەوەی ئەو دیدە زۆر گشـتییەی کە بیرکردنەوە لە ئاسـتە بەرینەکەیدا تەوزیفناکـات، چونکە هـەوڵێکی زۆر نادات بۆ بوونـی بنچـینەکــانی جـیــاوازی، چونکـە جگە لەوەی جـیــاوازی خـۆی لەخـۆیدا هـەڵگری ئەو حـەسـاسـیـەتە زۆر ئیـجـابیـەیە، کـە هـەمیـشـە خـۆراکی بیرکـردنەوە دروسـتـدەکـات، ئەمـەش

لەدایکبوونی سەرەتای دیدێکی ئامێزکەرییە بۆ جیهانی پرسیارکردن وە ئامادەبوونیش لە نێو ئەم جیهانەدا کەسایەتی خۆی دەوێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی.

خاڵێکی گرنگیش لێرەدا دەبێت باسبکرێت، ئەوەیە کە ئەم ڕووداوە هەندەی تر مەزنکرا و تەنانەت بە کاری «تیرۆریزم» لەقەڵەمدرا. ئەم بەتیرۆریزمکردنەش ئاشکرایە پەیوەندییەکی توندی لەگەڵ ١١سێبتێمبەردا هەیە. هەست بە نیگەرانییەکی بێئەندازە دەکرا، هەرچەندە نیگەرانیبوون لێرەدا ئەرکێکی پۆزەتیڤی هەیە، بەڵام زیاتر لە چوارچێوەیەکی «تۆڵەسەندنەوە»وە تەماشادەکرا. واتە تۆڵەی تیرۆریستەکان دژی سیستمی ئەمەریکی، هەر ئەو وشانەی سەرەوەمان بۆ دەستنیشانناکات، بەڵکو زیاتر لەوەی کە دەیەوێت جوگرافیایەکی ترمان پیشانبدات، هاوشانبوونی ئەم سەدەیەمان بۆ دەردەخات، کە تەنیا ئەوە مرۆڤایەتی نییە لە دەرەوەی ڕۆژئاوادا زەندەقی چووە لە نێو سیستەمەکانی کۆمەڵگا تۆتالیتارەکان، بەڵکو مرۆڤایەتی لە جیهانی ئێستاماندا لە ئاستە هەرە بەرزەکانی نیگەرانیدا دەژی، کە بە جیهانی جەنگی تیرۆریزم و دژە تیرۆریزم ناودەبرێت. واتە نیگەرانی ترسێکە لە دونیای ئێستاکەماندا، ئەمەش ترس و هەنداکردنی ژیانە کە وڵاتانی دواکەتوو وە پێشکەوتووش، وڵاتە دیموکراسی و نادیموکراسی، دەوڵەمەندو هەژاریش دەگرێتەوە. بەم واتایە بێت، ئەم هەستکردنە بە نیگەرانی لە هەموو جیهاندا ئامادەیە. واتە جەنگێکی جیهانییە، ترسێکی مەزن ئامادەیە لە مەزندەکردنی «مردن»دا. ترسێکە سەرتاپای هەموو جیهانی تەنیوە، چونکە شتەکان لێکدابڕاونین و پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. هەرچەندە لێرەدا وشەی مردن دەبێت دەسکاریبکەین، یان ڕاستتر بتوانین تەعبیر لەم مردنە بکەین، چونکە مردنێک نییە، کە بۆ خۆی مردن بێت؛ ئەم مردنە، مردنێکە بەبێ ویستمان بۆ ساتەوەختی مردن. ئەم مردنە، مردنێکی ئاسایی وسروشتی نییە. مردنێک خۆی بەیانناکات بۆ بانگەوازکردنی خۆی لە سروشتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەستکردن بەو مردنەی نابێتە مایەی سروشتیکردنی نێوەندی ئەو ژیانەی بەسەریدەبات، چونکە جاریێ نابێت بمرێت.

ئەمە مردنێکە لە بێماناکردن و سوککردنی ژیاندایە. ئەم چەشنە لە مردن تێکڕا «بوون» سوکدەکات و هیچ ڕێزێکی لێناگرێت. ئەم ترس و تۆقاندنەی زیاتر لەسەر دەرکەوتنی لاشە خۆی بەیاندەکات، دیارە لە سروشتێکدا کە یاریدەدەری نەپاراستن بێت. چونکە ئەم مردنەی لێرەدا باسیدەکەین، مردن نییە، بەڵکو بریتیە لە «کوشتن». ئا لێرەدا بیرۆکەی «گەرانتی»بوون و ئاساییش تا دوائەدازە بێمانا دەبێت. هیچ شتێک لە پشت پاراستنی ئەم بوونەوە نابێت. کاتێک خۆی پیشاندەدات ئەوساتە وەختەیە، نیگەرانی تاکو سەر ئێسقانەکانمان دەمان گوشێت. چونکە ئەوەی ناوی یاسا و نرخ و بەهایە وندەبێت. ئەم ترسە مەزنە، کە لە ماڵی

نیگەرانیدا نیشتەجێیە، هەر لەگەڵ ئێمەدا نەژیاوە، بەڵکو لە سەرانسەری جیهاندا ڕەگوڕیشەی هەیە و لەگەڵ ژیانی مرۆڤایەتیدا بەشداریدەکات. بەم واتایەش هەتاکو دونیا هەبێت، ژیانی مرۆڤایەتی دەبێت، وە تاکو مرۆڤایەتیش هەبێت و قەیران و تراژیدیا بوونی دەبێت. بەکورتی ئەم ترس و تۆقاندنە گەورەیەی کە لە ناویدا لێوان لێوە بە هاوکێشەکانی هەستکردن و نزیکبوونەوە و داخوازیکردن بۆ ژیانی زۆرتر و ئاسودەتر.

ئەم ترسەی لێرەدا ئاماژەی بۆ دەکەین، لە سەرانسەری ئەم وڵاتەدا هەستی پێدەکرێت، لە ڕوخساری مرۆڤەکاندا دەبینرێت، لە دیالۆگەکاندا، لە دەنگی ڕادیۆ و وێنەی ناو تەلەفیزیۆنەکاندا ئاشکرا دیارە. بەڵام چەند و چۆن و تاکو چ ڕادەیەک خراوەتە نێو چوارچێوەی بە پۆزەتیڤکردنی وەک پۆزەتیڤییەکانی «نیگەرانی بوون». نیگەرانی لە بوون، بەم واتایەی سەرەوەمان خەمخواردنە لە «بوون». ئەم ترسە مەزنە یان نیگەرانییە، ئەو هەستەیە بەرامبەر «لەناوچوون ـ مردن». ئەگەر زیادەڕەویشنەکەین، ئەم ترسەیە ڕێگاکان بۆ نیگەرانی لەبۆ ئەو مردنە خۆشدەکات، مردنێک هێمایە بۆ «کۆتایی» بوون لەم ژیانەدا. ئەمە ئەو هەستەیە کە چیدی جیهان لەوێدا کۆتایی پێدێت. هەستکردنێکە لە بارودۆخێکدا توشیدەبین، کاتێک ڕاڕایی ڕۆحیانەتی ئادەمیزاد دەکرۆژێت و لێپرسیارێتیش بەرامبەر کارەسات هیچ ئامادەییەکی نییە. چیدی نابێتە موبالەغەش، کە هەموو ژیان و لەزەتەکان لەم بوونەدا، بە تەنیا لە چرکەساتێکدا هەندا دەبێت و دەبێت بە «هیچ».

لە تەنها چرکەیەکدا چیرۆکی مرۆڤایەتی لە «فەرد»دا «ئیندیڤیجوڵدا» دەبێت بە وەهم. واتە ئەو فەردەی بە تەنیا دەمرێت. یەکێکی تر ناتوانێت بۆ ئەم کەسە بمرێت. وەک هایدیگەر دەڵێت «لەدایکدەبین وەک زۆر، بەڵام دەمرین وەکو یەک کەس».

کاتێک ئەو هەستکردنە «ئاخرزەمانییە» هەستپێدەکرا، ئەو نیگەرانییە کیرکەجاردییەم دەگەشتێ. شڵەژانێک لە دەنگەکانی ڕادیۆوە پەیدادەبوو. هەرچەندە ئەم شڵەژانەی کە دەترسێت لە نێوبجێت، لوتکە بەرزەکانی نیگەرانبوونە بەرامبەر دونیا.

نەمانی «کارەبا» وەک بیرەوەرییەک، ئاماژەی بۆ دەکەین، چونکە ئەوەی زیاتر دەمانەوێت جەغدی لەسەربکەین، کارەبا نییە، بەڵکو مرۆڤەکانن. بڕانی کارەبا و هاتنەوەی کارەباش شتێکی ڕەنگە ئاسایی بێت، بەڵام ئەوەی لێرەدا ئاسایی نییە، مرۆڤەکانن، چونکە لێرەدا، لەم وڵاتانەی ڕۆژئاوادا «ڕەخنە و گلەییکردن» وەک موشتەرییەک دەخرێتە بەر دەست. بەڵام بەموشتەریکردنی ئادەمیزاد چی دەگەیەنێت. ئادەمیزاد وەک خۆی، بوونەوەرێکە بەو شێوەیەی کە هەیە، بوونی ڕەگەزێکی شیعرییانەی هەیە. بەڵام بەبێ کارکردن و خواردن و سەرفکردنیش ناتوانێت هەڵبکات. بە مانایەکی تر مرۆڤ ناتوانێت لە دەرەوەی هاوکێشە کۆمەڵایەتییەکاندا

بژی. ئایا لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی هاولاتییەکی زۆر باش بێت، دەبێ کڕیار و موشتەرییەکی باش بێت. ئەمەریکا سەنتەری سەرفکردن و تێرکردنی شەهیەی ئەم برسێتی «کڕین»ـەیە. کڕین دونیایەکی سەیرە، لە دونیای کڕیندا ڕەنگە زۆربەی شتەکان دەستبدات بۆ فرۆشتن. تەنانەت ئادەمیزایش. ئەو ئادەمیزادەی کە دەبوو نەخرایەتە نێو مۆدێلی فرۆشتنەوە. شەهێی کڕین لە ویلایەتەکانی ئەمەریکادا، زۆر جیاوازی لەگەڵ شەهێی خواردندا نییە. بەم واتایە بێت کڕین ئەو جیهانەیە موشتەرێ تیایدا ئازادانە دەگەڕێت و سەربەستانەش دەژی. لەم مۆدێلەی بەشتکردنەدا، نیگەرانی و ڕاڕاییەکان دەبن بەتەم. چونکە ڕاکردن بە پەلە بۆ نێو قەرەباڵغی جیهانی کڕین خۆی لە خۆیدا بەخشینی دالغە و خەیاڵ و تەنانەت نیگەرانییەکانیشە بە «شت». کاتێک دەمانەوێت بکڕین، دیارە دەبێت «شت»مان لە دالغە و خەیاڵ زیاتر لە هزردا بێت. لێرەدا جگە لەوەی کاتێک دەمانەوێت جل لەبەربکەین، بەلام بەرنامە دەبین، هەمیشە دالغە و خەیاڵمان لەلای ئەوە بێت چ جۆرە جلێک لەبەربکەین.

نەمانی «کارەبا» لە ولاتێکی وەک ئەمەریکا، وەک خورپەی دڵ و شڵەژان و نیگەرانی شتێکی ئاساییە. بەلام ڕووداوێکی بەم شێوەیە لە دوای ڕوداوەکەی تیرۆریستەکانەوە، چیدی نەک هەر شتێکی ئاوا مەزنیش، بەڵکو ڕووداوێکی ئاسایی و بچوکیش دەبێتە شایانی باس و دەبێتە ڕووداوێکی تۆقێنەر و مەزن. ئەوەی لە ڕادیۆوە بەرگوێکەوت، تەنیا ئاشکراکردنی ڕوداوەکە بوو، وە هەروەها ئاشکراکردنی «نیگەرانی» تەواوی خەڵکیش، بەلام تەواو جیاواز لە فۆرمێکی تردا. ئەویش ئەوەیە کە لەو فۆرمەدا هەرچی، یان کۆی نیگەرانییەکانیان بەوە تاریفکرد، ڕوداوی کارەباکە بو بە کردەی «تیرۆریستەکان». ئەمە ڕاستییەک بوو دەنگی مرۆڤەکانی لە خۆی خڕکردەوە بۆ بانگەوازکردنی هەستە نیگەراناوییەکانیان. واتە ڕاستەوخۆکردنی «نەمانی کارەبا» بۆ کار و چالاکی تیرۆریستان. ئەمە بێجگە لە بناغە دروستکردنی ترسێکی مەزن لە دەرونی کەسەکاندا. لەیەک ساتدا، کارەکەیان بە ڕووداوێکی وا خوێندەوە کە بەرهەمی تیرۆریستەکانە و، لە هەمان کاتیشدا پەشیمانبوونەوەیان. تاکو لەسەر ئەوە ڕێککەوتن، کە ڕووداوێکی سروشتییە و تەنانەت هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بە تیرۆریزمەوە نییە. هەرچەندە زۆربەی خەڵکی بەوە ڕازی نەبوون و باوەڕیان بەوە نەکرد و هۆیەکی مەعقولیان لا نەبوو بۆ ئەوەی باوەڕبکەن. ئەوەی سەرنجی ئێمە ڕادەکێشێت ئەوەیە، ئەم نیگەرانیبوونە، وەک «جەنگی سارد » وایە. ئەم نیگەرانییە مانیفێستی ئەو «ترس»ـە دەکات، کە لە ڕاستیدا جەنگێک هەیە و بەردەوامە و تەنانەت سەرانسەری جیهانی تەنیوە و کۆی ولاتەکانی گرتۆتەوە. ئەوەی ئەم جەنگەش دەکات بە جەنگیکی جیهانی ئاشکرایە، سەرۆک بوش بانگەوازی لە بۆ کرد، دوای ڕووداوەکەی نیۆرک، کە چیدی «ئەفغانستان »ی کرد بە تارگێتی جەنگ دژی تیرۆریزم و

دواییش «عێراق وسەدام». ئەم بەرنامەدارێژی و ستراتیژە بەردەوامە تاکو ئەم ساتەوەختە. جەنگ بەجەنگ چۆن وە کەی کۆتایی دەبێت. کۆتایینەبوونی جەنگ دژی تیرۆریزم، بەهەر شێوەیەک بیری لێدەکەیتەوە و لێکیبدەیتەوە، کۆتایی نەبوونی تیرۆریزم خۆیەتی. واتە کاتێکیش تیرۆریزم تەواو دەبێت، دیارە جەنگیش دژی ئەم تیرۆریزمە تەواو دەبێت. بەڵام ئەمە هاوکێشەیەکی زۆر بێهودەیە، چونکە ڕاستە ئەمەریکا تاکو هەیە دەتوانێت هەڵگری ئەو جەمکەی «دژی تیرۆریزم» بێت، بەڵام ئێمەیەک ئایا لە ڕاستیدا چۆن بزانین «تیرۆریزم» تەواو بووە. ئەم جەنگە بۆچی لە جەنگەکانی تر ناچێت، چونکە ئەمە خاسیەتێکی زۆر تایبەتی ئەم جەنگەیە. جەنگکردن بەبێ هەبوونی دوو سەنگەر دەبێتە جەنگیکی بێهودە. تاکو ئەوکاتەی ئەمەریکا جەنگی هەیە دژی تیرۆریزم، جەنگیکی بێهودە هەڵدەگیرسێنێت. چونکە کاتێک سەنگەری بەرامبەر، تەنها بریتی بێت لە ناوێک، تەنیا شکی تیادا نابێت، دەبێتە جەنگیکی وەهماوی، یان باشتر بڵێین جەنگیک دژ بە «وەهم».

لە کاتێکدا حکومەت و تەواوی میدیاش لە ڕاڤەکردنی یەکەمیان پەشیمانبوونەوە لەوەی «بڕانی کارەبا» کاری تیرۆریستان بێت. لە هەمان کاتیشدا، «ئەلقاعیدە» بانگەوازی ئەوەی کرد بکەری ڕووداوەکەیە، ئەمە جگە لەوەی دەیسەلمێنێت کە کاری ئەوانە «ئەگەر کاری ئەوانیش نەبێت» لە هەمان کاتیشدا سەلماندنی بانگەوازەکەی ئەوانە، ئەمەش بەنۆبەتی خۆی چاندنی شەتڵی «نیگەرانییە».

لەبەر ئەوەی ئێمە ئەم ڕووداوە تەنیا لە تەکنیکی ڕووداوەکەدا ناخوێنینەوە، لەبەرئەوە دێین تەماشای مرۆڤەکان لە نێویدا دەکەین، چی ڕوودەدات و بیر لە چی دەکرێتەوە لە ئاستیدا بە شێوەیەکی گشتی. واتە ئەم ڕووداوە سەرەڕای ئەوەی خۆشحاڵانە خەسارەتی مرۆیی نەبوو. ئەگەر کاری سروشت بێت، یان کاری تیرۆریستەکان بێت، ئەوەندە سەرنجی ئێمە بەلای خۆیدا ڕاناکێشێت. جیاوازیش زۆر دروستناکات ئایا ئەم ڕووداوە چۆن کراوە، یان چۆن ڕویداوە، چونکە ئەگەر کاری سروشت بێت، ئەوا حکومەت و میدیاش بانگەوازیان بۆ کرد، کە ڕووداوێکی سروشتی بووە، خۆ ئەگەر کاری تیرۆریستەکانیش بێت، ئەوا بەهەمان شێوە ئەوانیش بانگەوازیان بۆ کرد و خۆیان بە بکەری لەقەڵەمدا. ئالێرەدا بەهەمان شێوە بێهودەیی جەنگی دژی تیرۆریزم دەردەکەوێت. ئەم جەنگە لەبەرئەوەی جەنگێکی سەیرە، دیارە ستراتیژ و ئامانجەکانی ئارەزوویەکی ترە. ئێمە ئەم ڕووداوە وەک خۆی تەماشاناکەین، بەڵکو بەشێوەیەک لە شێوازەکان وەریدەگێڕینە سەر «ئەعجوبە». ئەم وشەیەش نەک لە ئستێکی میتافیزیکییانەدا، بەڵکو وەک «هێما»یەک وەریدەگرین بۆ خوێندنەوە و تەماشاکردنی هەندێک لایەنی ژیانی مۆدێرن. بە مانایەکی دیکە ئەم ڕووداوە وەک پێداویستییەک «زەرورە» وەردەگرین

و دەیخوێنینەوە، لە بەراوردکردنی ژیانی ئێستاکەدا لەگەڵ مامەڵەکردنماندا لە زۆری کەرەسە و زۆری شتەکان. ئەمەریکا ئەگەر دەروازەیەک بێت بۆ دیموکراسی، یان سەنتەری دیموکراسی بێت بۆ فەرهەنگ و جیهانی دیموکراسی، چیدی لە ڕاستیدا نابێت بەتەنیا بۆ خۆی بژی و بەتەنیا خۆی خۆشبوێت. خۆشەویستی ئەوکاتە ستراکتور و بناغەکانی دروستدەبێت، ئەگەر لە پێناوی مەزنکردن و قەبەکردنی «ئیگۆ»دا نەبێت. بە مانایەکی تر خۆشەویستی هیچ کاتێک بوونی نابێت ئەگەر خۆشەویستیەک نەبێت بۆ ئەوی دی. کەرتکەرتکردنی قەبەیی و مەزنی «ئیگۆ» بە مردنی خود کۆتایی پێنایەت، بەڵکو لە پێناوی ئەم خودەدەدا خۆی دەکات بە قوربانی. خۆشەویستی خود بۆ خۆی پوچەڵترین شێوەی خۆشەویستیکردنە، چونکە خۆشەویستی ئەگەر هەبێت و هەر مانایەکیشی بۆ دابنرێت، دیارە لە پێناوی ئەو «کەسێتییە» تاکەدا نییە خۆشەویستیدەکات و دابەشیدەکات، لە پێناوی «ئەوی» تردایە. نەبوون و ئامادەنەبوونی «ئەوێک» بۆ ئەوەی وەرگری خۆشەویستی بێت، هیچ کاتێک خۆشەویستی ڕوونادات. ئەمەریکای مەزن و ئیگۆی گەورە تاکو چەند خۆشەویستی لەگەڵ جیهاندا «جیهانێک خۆی بەشێکە لێی» دەکات. لە مۆدێرنی ئەمەریکا یەکێک بە پێچەوانەوە شتەکان دەبینێت و شتەکان تێدەکات. خۆشەویستی خودی ئەم وڵاتە زەبەلاحە بە تەنیا بۆ «ئیگۆی» قەبەی خۆیەتی، بۆمان ڕووندەکاتەوە کە ئەوانی دیکەی نەک هەر بەقەبارەی خۆی خۆشناوێن، بەڵکو هەرگیز خۆشیناوێن، یان خۆشینەویستوە. ئەمەیە وادەکات ڕۆحیانەتی مرۆڤایەتی لە پەیوەندییەکی بەهێزدا نەبێت لە جیهاندا. لە جیهانێکدا زیاتر پێشوازی لە مۆدێرنی دەکات. بەڵام هەموو کەرەسە و دیڤایسێک ئەگەر نەبنەوە بە هۆیەک لە پێناوی مرۆڤایەتیدا، بۆ ئێمەی مرۆڤ دەبنە مایەی کێشە. ئەمەریکا سەنتەری دیجتاڵبوون و بە ئامرازبوونە، نازانم چەند دەتوانێت خۆشەویستی بکات. لە نێو خودی ئەمەریکا خۆیدا «کات»ی نەماوە بۆ خۆشەویستیێ. ئەم وڵاتە کاتی نەماوە بۆ زۆر شت بیکات. زرنگی و عەقڵانیەتی خود «کەس بۆ خۆی» لە دوا ئاستەکانیدایە لە پێناوی دەوڵەمەندبووندا. لە ئەمەریکادا ئیمکانییەتی بەعاقڵبوونی کەس بەعاقڵبوونە بۆ دەوڵەمەندبوون. نەگەشتن بە بە«هەشت»ی دەوڵەوەندبوون نەگەشتنە بە خەونە گەورەکان. لە ئەمەریکادا خەونە گەورەکان، خەونە بە بەهشتێکەوە جارێکا لەسەر زەوی نییە، ئەم بەهەشتەش بریتی نییە لە «دەوڵەمەندی» یان دەوڵەمەندبوون بەتەنیا، بەڵکو دەوڵەمەندبوونی زیاتر. ئەم وشەی «زیاتر»ەیە بۆتە گەورەترین کارەسات، چونکە «زۆرتر» لە هەموو شتێک دەبێتە کێشەیەکی گەورە. جگە لەوەی «ڕەشبینی و خەم وئازار»ی لێدەکەوێتەوە، بەهەمان شێوەش دەبێتە تاکە خەون بۆ ئادەمیزاد لە جیهاندا. ئەگەر کۆی خەونەکانیش لە نێو تەنیا خەونێکدا نیشتەجێببن، کە ئەمەش خەون بێت بۆ دەوڵەمەندێ «زیاتر»، چیدی دەبین بە مرۆڤگەلێکی بێخەون. ئادەمیزاد بەبێ خەون دەبێتە بوونەوەرێکی

بێگیان. بۆ دەوڵەمەندی بوونە کاتێک خەونەکان تەنها دەبنە خەونبینین لە ستەرتیژیەتی زیاتردەوڵەوەندبوون، چیدی ئەوەی گرنگی و ئەهمیەتی دەبێت ژیانی مرۆڤایەتی و قەیرانەکانی نییە. جێگای مەترسییە لە کاتێکدا وڵاتێک خۆی بانگەوازی« دیموکراسی»بوون بکات و لە لایەکەوە نەتوانێت قەیرنەکانی جیهانی مۆدێرنی ئەمێستاکە بە ڕاستگۆیی بخاتە ژێر بەرپرسیارێتی و مۆراڵی سیاسی لە بۆ دۆزینەوەیٚ یان تەرحکردنی چارەسەرەکاندا. لێرەدا دەڵێین «تەرح»، نەک سەپاندن و ئیجبارکردن، چونکە کاتێک ئەو جۆرە چارەسەرەی خۆی ئیجباردەکات، لە ڕاستیدا نابێتە هیچ جۆرە چارەسەرکردنێک، بەڵام کاتێک ئامادەنەبین بۆ دایەلۆگ و بیرۆکەی« تەرح»، وە بمانەوێت چارەسەریش بدۆزینەوە، وە هەروەها خۆشمان بەسەر ئەوانی دیکەشدا بسەپێنین، ئەوە کە چیدی نەک چارەسەر بۆ قەیرانەکان نادۆزینەوە، بەڵکو قەیرانەکان مەزنتنریش دەکەین. نمونەیەکی شارستانی و یاسایی و عوسابیٚ باسدەکەین. ئەم نمونەیە پەیوەستی بە ژیانی ناوخۆی ئەمەریکاوە هەیە، کە دەربارەی «چەک»ـە. لە «دەستوری ئەمەریکادا ـ کۆنستەتوشن» لە بەندی دوو «ئەمێندمێنت» دەڵێت «میلیشیایەکی باش، کە بتوانێت کۆنترۆڵبکات، لە بۆ ئاسایشی «سیکیوریتی» وڵاتێکی ئازاد پێویستە، مافی خەڵکییە خاوەنی چەک بن و بتوانن هەڵیبکرن، نابێت دژی بین». گومانی تیادا نییە، ئەم بەندە، ئەمێندوێنتە لە کاتێکدا نوسراوەتەوە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ زۆر سەردەمەکانی دوای خۆی و ئێستاداکەدا هەیە. بەڵام مانای ئەمێندمێنت، ئەوە دەگرێتەوە، کە بکۆڕدرێت، واتە دەسکاریبکرێت، کەم تا زۆر لە بەندەکان شت گۆڕاون و دەسکاریکراون، بەڵام ئەم بەندە لەو ساتەوەختەوەی نوسراوەتەوە، گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە. واتە چەک لەم وڵاتەدا «دروستدەکرێت ـ دەفرۆشرێت ـ بەکاردەهێنرێت». هەر لەم وڵاتەدایە «میلیشیات» بە سەربەستی بوونیان هەیە. شتێکی خەیاڵی وسەیرە چەند لە خەڵکی دەبن بە قوربانی «چەک و تەقەمەنی». شایانی باسیشە ئەوە بوترێت، زۆربەی قوربانییەکان لە منداڵ و گەنجەکانن. وڵاتێک خۆی بە خۆی بڵێت «دیموکراسی و شارستانی»، ئایا چۆن نایەوێت دەسکاری کۆنستەتوشنێک بکات، کە ئازادی دەدات بە خەڵکی چەک لە ماڵەکانیاندا هەبێت و هانیانبدات بۆ هەڵکرتنی چەکیش. چونکە دەوڵەمەندترین و ملیۆنێرترین و بە هێزترین کەسان و کۆمپانیا لە پشت ئەم دیاردەیەوە. تەنانەت سەرۆک «بوش» هیچ جارێک حەملە ناکاتە سەر چەک و بڵاوبونەوەی چەکیش لە نێو کۆمەڵگای ئەمەریکا. بیڵ کلینتن، یەکێک بوو لەو سەرکردانەی هەمیشە حەملەی دەکردە سەر بڵاوبونەوەی چەک، هەروەها جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ سەرۆکێکی وەک سەرۆک «بوش»هەیە. لەم بەراوردکارییەدا دیاردەی نەرمونیانی و باوەڕکردن بە دایەلۆگ و هەوڵدانیش لە بۆ گوێگرتن لەبەرامبەر و تەنانەت ئاشنایی زیاتری بە جیهانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها هەوڵدانیش بۆ نزیکبوونەوە و ڕێککەوتنی «عەرەب و

جولەکە»ش، وەک خۆی دەڵێت: باشترین ستراتیژ کە ئاساییشی ئێمە دابیندەکات وە هەروەها بناغەی نازدارترین ئاشتی بکا ئەوەیە دیموکراسی لە شوێنەکانی تردا پێشبخەین» (٢). وەک بینجامین دەڵێت «ئامانجی دیموکراسی ئەوەیە لە جیهانێکی بەدیموکراسیکراودا، بەڵام ئەمە ئەوە ناکەیەنێت دیموکراسییەکی ئەمەریکایی بنێرینە دەرەوە» (٣).

«چەک» هێمایەکە خێرا پێماندەڵێت کە بۆچێ هەیە، گومانی تیادا نییە لە شۆڕشە چەکدارەکاندا، چەکە دەتوانێت بەرگریکردنیان بداتێ بەرامبەر چەکەکانی تر «واتە لەبەرامبەر دوژمن». بەڵام ئەوەی ئێمە باسی لێوە دەکەین ئەمڕۆکە، چەکێکی زۆرە لە ئەمەریکادا دروستدەکرێت و دەفرۆشرێت و بەکاردەهێنرێت. ئەمەش لە کوشتنی «مرۆڤایەتی» زیاتر هیچ کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤی نییە و ناشبێت. لە کاتێکدا ئەمەریکا و بەتایبەتی عەقڵیەت و مۆرالی سیاسی سەرۆکێکی وەک بوش کە دەیەوێت جیهان لە«چەک»ی کیمایی ڕابماڵێت. لە کاتێکدا کارخانە و کۆمپانیاکان بۆ دروستکردن و بەرهەمهێنانی چەک دەبنە مەرکەزێک لەم وڵاتەدا. کارگەکانی چەکدروستکردن و نەوتیش، ئەو کارخانانەن بوونەتە شێوازێکی کلاسیکی لەم وڵاتەدا، ئەم کلاسیکییەتە مەبەستمان لەو جۆرە کولتوورەیە بۆ عەقڵییەت و پاشخانی ڕۆحیانەتی «جیهانی بزنس». لە هەمان کاتیشدا کلاسیکەتێکە تێکەڵبووە لەگەڵ ئەو جۆرە هەستکردنەدا، وا لە یەکێک بکات شەرم بکات لە ئاستیدا و هیچ نەڵێت. پاشخانی ئەم جیهانی بزنزەش لە پشتیەوە هێزێک ئامادەیە کە یاساش شەرمی لێدەکات.

دەوڵەمەندبوون لە ئەمەریکادا واتلێدەکات لە دەرەوەی خەون و خەیاڵەکانی مرۆڤایەتی بژیت. چونکە کاتێک مرۆڤ هەڵگری خەون و خەیاڵ بوو، ئەوکات مەفهومی دەوڵەمەندی لەقدەبێت. دەوڵەمەندی وەک ستراتیژێک مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، دیارە دەبێتە تاکە ڕێگا بۆ تەماشاکردن و هەنگاوەکانیش بەسەریدا. تاکو ئەم جۆرە ستراتیژییەتە پێشڕەوایەتی بیرکردنەوە و کولتوور بکات، چەک و تەقەمەنی لەنێوناچێت. جگەلەوەی ئەم بیرۆکەیەی تەنها ژیان لە پێناوی دەوڵەمەندیدا بارودۆخ تەنها لە پێناو خۆیدا وەک کەرەسەیەک دەبینێت بە کۆی مرۆڤەکانەوە، هەروەها ئەوەی لە پشت جموجۆڵەکانیشەوەیە، ئەو ئەمێندمێتنەیە، بەرگری لە هەبوونی چەک و کڕین و فرۆشتنی چەکیش دەکات. ئەم دەوڵەمەندییەی ئاماژەی پێدەکەین، هەلومەرجێکی ترسناکیش دروستدەکات، ئەویش ئەو ڕەشبینییەیە، کە وا لە یەکێک دەکات نەتوانێت دەوڵەمەندبێت. بەڵام بەم عەقڵیەتەوەی چەند هەوڵدەدات و جەغد لەسەر ئەم پرۆسێسە دەکات و، چیدی ئەو کەسایەتییە دەبێت بە وزەی ئەو مەشقکردن و هەوڵدانەی دەوڵەمەندبوونە. کاتێکیش هەمووشتێک لەم جیهانەدا دەبێت بەو تاکە خەونە، خەونەکانی تر کاڵدەبنەوە و، ئیرادە و بیر و هەوڵدان دەبێت بەوەی، کەی بتوانێت لەو بەهەشتەدا بحەسێتەوە. کێشەکەش

لێرەوە دەستپێدەکات، کە ناتوانێ بەخێراترین «کات» لەو بەهەشتەدا بێت، ڕەشبینی دەیکرۆژێت و تورەش دەبێت. تورەیی «عەسەبانی» بەسەر سیمای ئەمەریکاوە هەمیشە دەبینرێت. لێبووردن وخۆڕاگری و سەبرکردن هیچ گرنگییان نییە. بەتایبەتی کاتێک «کات» بۆ هیچ شتێک نییە و کاتیش بەدەستەوە نامێنێتەوە بۆ بوون بە «ملیۆنێر» بە زووترین کات. ئەمەریکا واتە کولاجی «بڕۆزاک»، ئەو حەبەی عەسەبییەکان بەکاریدەهێنن. هەر ماوە ماوەیەکیش، تەنانەت حەبەکانی «سەرئێشەش» نەوعیەتیان دەگۆڕێت. بۆ نمونە حەبی «مایەکرەین» بەهێزترین حەبی «سەرئێشەی کوشندەیە»، لە دەرمانخانەکاندا بەبێ ڕەچەتە دەفرۆشرێت. ئەمە هەرچەندە پێماندەڵێت چۆن ناوەندی جیهانی «پڕوپاگەندە ـ ئەدڤێرتایسمێنت» چۆن هەموو شتێک دەکات و بەکاردێنێت «بۆ نمونە زمان دەکات بە کەرەسەیەک بۆ بابەتی هەست و سۆز لە پێناوی فرۆشتندا». هەرشتێک بزانرێت دەفرۆشرێت، هەموو دەربڕین و وێنەیەکی سۆزداری و تەنانەت هۆی عەقلانی و جێی باوەڕی بۆ دەدۆزرێتەوە.

دیاردەی «کارەبا»بڕان و کۆی هەستەکانمان لەم خاڵانەی خوارەوە پێناسەدەکەین:

١ـ کاتێک کارەبا نەما، ئەوەی میدیاکان «ڕادیۆ» بڵاویانکردەوە بەبێ دوربینی و لێکدانەوە، کرا بە ئاکامی کاری تیرۆریستان. هەرچەندە کەڵکەڵەی ئەم هەستکردنەش بەبێ لێکدانەوەیەکی قووڵ زوتر لە دەرونی زۆربەی دانیشتوانی ویلایەتەکاندا هەڵگیرسابوو. لێکدنەوەی قوڵ و لێکۆڵینەوە لەبەرچی؟! کاتێک ساتەوەختی جیهانی ئێستاکەمان لە ڕوبەڕونەوەدایە لە هێرشەکانی «تیرۆریزم و جەنگ دژی تیرۆریزم»، هەروەها لەلایەکی تریشەوە، هەرچییەک و هەر چۆنێک بیردەکرێتەوە لەم وڵاتەدا میدیاکان دەیبەنبەڕێوە. بۆنمونە ئێمە کاتێک تەماشای تەلەفیزیۆن دەکەین ولەزەتمان پێدەبەخشێت، بە هەمان شێوەش لە بری ئەوەی بیربکەینەوە، ئەو تەلەفیزیۆنە بیرمان بۆ دەکاتەوە. ئەوەی خەڵکی فێرێ دەبن لە تیڤێ و رادیۆ و تەنانەت ڕۆژنامەکانەوە، فێربونێکی ئیعلامی ڕوتی ئەمەریکانایە. ئەگەر موبالەغەش نەبێت، هەندێک شتی دیکەی جیاواز بەدیناکەی ئەوەی پێچەوانەی بۆچوون و لێکدانەوەیەکی سەرپێیی و خێرا نەبێت. بۆ نمونە ئەم جیاوازییە یەکێک دەتوانێت بە ئاشکرا لەگەڵ ئەوروپادا بیبینێت بە ئاسانترین شێوە و وە هەروەها ئاستێکی باشتر و کراوەتریش. ئەم خەیاڵەی پێیگووتن ئەمە کاری تیرۆریستەکانە، خەیاڵێکە چیدی ستراکتۆری خۆی لە نێو دەرونی کەسەکاندا دروستکردوە. واتە هیچ شتێک لە خۆڕا و لە خۆیەوە و بۆ خۆشێ ڕونادات. بەم واتایە بێت ڕوداوی قەبە و مەزن جگەلەوەی هەمیشە ستراکتورێک لە بونیادو مانا دروستدەکات لە بیرهاتنەوەیدا کاتێک ڕووداوێکی بەوشێوەیە دەبێتەوە و ڕودەداتەوە. ئەمەش

هێڵێکی نیگەراناوییە لە نێو ناخی کەسەکاندا. هەروەها وێنەیەکی تری کەسەکانمان بۆ ئاشکرادەکات، ئەویش ئاستی «تەمەڵ»یانە لە ڕوانگەی کارکردن لەگەڵ قەیرانەکاندا و چارەسەرکردنیان. بۆ نمونە لەم وڵاتەدا بۆ ساکارترین و ئاسانترین شت، کە هیچ جارێک شایستەی بانگکردنی کۆمپانیایەک نییە بۆ دایەکنۆس «تشخیص» و چاککردنەوەی. ئەم کاردانەوەیە جگەلەوەی وامان لێدەکات متمانە بەخۆمان نەکەین لە دایەکنۆسکردن و تەنانەت چاککردنەوەی شتەکاندا، بەڵکو گرنگی بە مرۆڤبوونمان لێدەستێنێتەوە. ڕۆڵی ئەمەش پڕوپاگەندەیە «دیعایە»یە. جیهانی دیعایە بەتەنیا پێمان ناڵێت و وامان لێناکات شتەکان بکڕین، بەڵکو هانماندەدات و کاریگەری دەرونیمان لەسەر دروستدەکات. پروپاگەندە سیستەمی حەزو ئارەزو خەیاڵەکان و بیری کەسەکان ریسێرج دەکات بۆ ئەوەی سەرکەوتووبێت لە هاندان و کارتێکردنماندا بۆ کڕینی «شت ـ سێرڤس ـ پێویستی». لەم وڵاتەدا کار و گرنگی«تیڤیّ و ڕادیۆ و ڕۆژنامەکان» بوونەتە ریکلام و پروپاگەندە بۆکردن. هەمووشتێک دەبێت بە کەرەسە و شت لە پێناوی فرۆشتندا.

بە شێوەیێەکی گشتی میدیا بیر بۆ ئێمە دەکاتەوە. هەرکاتێک هەرشتێک ڕوودەدات و شایستەی «لێکدانەوە»ی ئاستێکی جیدیانەیە، بەڵام کەسەکان هەندە تەمبەڵبوون چیدی تاقەتی بیرکردنەوەیان نەماوە.

٢ـ لە کاتی ئەم ڕوداوەدا، نیگەرانی «کارکردن» بانگەوازێک بوو بە ئاشکرا لە دوتوێی قسەکردنەکاندا گوێمان لێ دەبوو. «ئەگەر موبالەغە نەکەم» یەکێک ئەگەر گوێی لە پرسیار وسەرنجەکان بوایە، هەروەک ئاخیرەت بوبێت، یەکێک زەندەقی دەچوو، چونکە نەمانی کارەبا، واتە کێشەی «سوبەرمارکێت و کاز ستەیشنەکان». چونکە نیگەرانی بەرامبەر ئەوەی چۆن بگەیتە سەر کار، کاتێک بەنزینت نەبێت. ئەمە ئەو ساتەیە یەکێک ژیانی لە خۆی مارە نەکردوە، بەڵکو ئەوەی هەموومانی لە خۆی مارە کردوە «کارە». نیگەرانیبوون لەوەی یەکێک درەنگ دەگاتە سەر کار، دیاردەیەکی زۆر سەیرە لەم وڵاتەدا، بەڵام لە هەمان کاتیشکدا کەس تاقەتی کارکردنی نییە و هەروەها دەیەوێت بە خێراترین کات ببێت بە نێوبانگترین «دەوڵەمەند». مرۆڤەکان لە ڕاستیدا هەقە تاقەتی کاریان نەمێنێت، چونکە لەکارکردن مارە نەکراون. لەم وڵاتەدا کارکردن تەنها لە سەرچاوەی «پارەپەیداکردن»ەوە سەیردەکرێت. لەبەر ئەوەیە کاتێک کارێکی ڕێکوپێک و باشت هەیە، بەڵام پارەیەکی زۆرت دەستناکەوێت، چیدی ئەم کارە دەبێتە شتێکی خراپ. بەهەمان شێوە ئەگەر هەرجۆرە کارێک بکەیت و پارەی باشی لێ پەیدا بکەیت، ئەوا بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبێت بە کارێکی باش. مۆرالی کارکردن لەم ئاستەدا هێڵێکی تۆتالیتاریانەی تیادایە. کاتێک ماشێنەکەت خراپ دەبێت و ناتوانی بگەیتە

سەر کار، ئەوا بە ناشرینترین شێواز لێت تورە دەبن، هەڕەشەی دەرکردنت لێدەکەن. لێرەدا دیارە دەمانەوێت بڵێین کۆیلەبوونی مرۆڤ لە زۆر لایەن و ئاستیشەوە ئامادەیە. لە «کارەکەی» مارەدەکرێت و چیدی کاتی کارکردنیش دەبێت بە کاتی ژیان. بەڵام ئایا «کاتێکی» تایبەتی چۆن بێتەکایەوە و دروستبێت. «کرێی کارکردن بەتەنیا وا لە خەڵکی ناکات شێتگیربن، هەروەها بەڵکو تەمەڵییەکی تەواویش.»٤ دونیای کارکردن بە مانای سەرفکردنی کاتی لەشە بۆ بژێوی بوونی، کە هەڵبەتە دەبێتە ماندوبوونی لەشیش.

٣ـ لە نەمانی کارەبادا، ترس و نیگەرانی «سۆپەرمارکێتە قەبەکان» بەئاشکرا دەردەکەوێت، ئەم ترسەش ڕاستەوخۆ پابەندی تێڕوانینی ئەم هێزە ئابوورییانەیە بۆ پەیوەندی نێوان قازانج و زەرەرکردن. ئەم نیگەرانییە هەرگیز نیگەرانییەکی ڕۆحی نییە، چونکە ڕەگەزەکانی نیگەرانیبوون لە ڕۆحەوە سەرچاوەدەگرێت، دیارە مەبەستمان لە جەوهەرە؛ ئەم نیگەرانییە جیاوازە لە نیگەرانییەک کە لەوە بترسێت «زەرەر» لە کڕین و فرۆشتندا بکات. ئەمە خەمێکی ئابوورییە و هیچی تر، خەمی ئابووری لێرەدا بە مانایەکی بەربڵاو وفراوان نایەت لە هەستکردنە زۆر مرۆڤانەکەیدا. ئەم هەستکردنە بە تەنیا لەسەر سنوری «بانک ـ ژمارەکاندا» تەماشای هەمووشتێک دەکات، نەک بە پێچەوانەوە. ئەم هەستکردنە بە نیگەرانی ناگەیەنێت لە ڕاستیدا، چونکە نیگەرانی ناتوانێت بابەتی «ئابجێکتی» نیگەرانییەکەی هەبێت. بەڵام ئەمە تەنیا ترسێکە لەوەی «شتەکان»ی بۆ نمونە خراپدەبێت و بۆگەندەکەن و «سەرف»نابێت. واتە ئەم «شتانە»ی نێو سوپەرمارکێتەکانن ئەم ترسە دروستدەکەن، چونکە کاتێک شتەکان بۆگەندەکەن، ئاشکرایە کە زەرەر دەکرێت. کاتێکیش ئەم زەرەرە گەورەتربێت، زۆتر لە دەوڵەمەندبوون کەمدەکاتەوە، وەهەروەها کاتی زۆرتری دەوێت بۆ بوون بە دەوڵەمەندێکی گەورە.

لەگەڵ نەمانی کارەبا ئەم شەپۆلە دەرون و کەسایەتی خاوەن سوپەرمارکێتەکان دەکرۆژێت. چونکە لەو ڕۆژەدا ئاگاداربووین هەموو سوپەرمارکێتەکان بە گشتی شتەکانیان «شتی بەستو ـ گۆشت... هتد» هەراجدەکرد. هەرچەندە ئەم شوێنە زۆر گەورانە خاوەنی مەشین و دیڤایسی جۆراوجۆرن بۆ بەکارهێنان لە حاڵەتی ناکاودا «ئیمێرجینسیدا». چونکە باوەڕیان بەوە هەیە کورد وتەنی «زەرەر لە نیوەی بگەڕێتەوە باشترە». ئەم هۆ هەرە زۆر گرنگەیە کە هەموو شتەکانیان پێ هەرزان دەکات.

٤ـ ترسێکی تر کە پەیوەندی بە خەزنکردنی بەنزینی زۆرەوە هەیە، ئەمە هەرچەندە «ماشێن و ئۆتۆمبێلمان» بیردێنێتەوە، بە هەمانشێوەش ئەو کەسایەتییەمان بۆ وێنادەکات، کە بە تەنیا خۆی لە هەموو کەسێکی دیکە زیاتر خۆشدەوێت، ئەمەش ئەو هەڵپەکردنەیە بۆ شتی زۆر لە

پێش ئەوانی ترەوە دەستنیشاندەکات. بەڵام ئێمە لە بیرمان نەچێت، ئەوەی ئەم خولیا و خەیاڵەش فراوانتر دەکات و بۆ بەردەوامبوونی وزەی دەداتێ پروپاگەندەیە. ئەم سیستەمەیە کە ئارەزووەکان پتر قەبەدەکات لە بۆ خۆشویستنی خود بەشێوەیەکی بێئەندازە. لێرەدا ئێمە ناڵێین خودخۆیی خۆی نەویت، بەڵکو خۆشویستنی ئەوی دی کاردانەوەیەکە بۆ وەرگرتن و بڵاوبونەوەی ئەم خۆشەویستییە. لێرەدا ماشێن و ئۆتۆمبیل دەبێتە وێنەیەک بۆ تەماشاکردن، یان دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ دیتن و تەماشاکردنی خود خۆی. بە مانایەکی تر، ئەوکەسەی «مارسیدس» لێدەخورێت، تەنیا لەبەر ئەوە نییە کە ئەڵمانیا ئەم شێوە ئۆتۆمبیلە بەرهەمدەهێنێت، بەڵکو ئەو وێناکردنەیە کە زوتر بۆتە وێنەیەک و بۆتە هێمایەک لە بۆ تایبەتێتی ئەم مارکەیە. وە بە هەمان شێوە ئەو کەسایەتییەی هەمیشە لە نێو ئەم مارکە ئۆتۆمبیلە زۆر تایبەتیەدا وێنەی خۆی دەبینێ خۆی لەوانی دیکە بە جیاواز دادەنێت و بە جۆرێک لە جۆرەکان لە نێو ئەم وێنەیەدا، خۆی بە گرنگتر و بەهێزتر دەبینێت. ڕەنگە کارەساتێکی گەورە بێت ڕۆژێک لە ڕۆژان هەلومەرجێک وای لێبکات، مارکەیەکی بۆ نمونە ئاسایی و هەرزانبەها لە ئۆتۆمۆبیل لێبخورێت. وەک وتمان چیدی ئەو مارکەیە لە ئۆتۆمۆبیل ڕوخساری کەسایەتیەکی بە هێز و گرنگ وجیاوازی ئەومان پێ نیشاندەدات لە بۆ ناسینەوە. وەک چۆن ئەو دیڤایسە، ئۆتۆمبیلە، مارکەیەکی توند و بەهێز و خێرا و جوان و گەورە و گرانیشە، ئاوا بە هەمانشێوە ئەە کەسەش خۆی بەم هەموو شتە دەزانێت. بە مانایەکی تر ئەو ناسین و پێناسانەی دەکرێت و دەبەخشرێت بە ئۆتۆمبیلەکە، خاوەنەکەشی پێدەناسرێت و هەمان خاسییەت بە کەسایەتی ئەویش دەبەخشرێت. واتە لە ڕاستیدا کەسەکە دەبێت بە ئۆتۆمبیلەکە و ئۆتۆمبیلەکەش دەبێت بەو. تەنیا بە تەماشاکردنی زۆربەی فلیمەکانی ئەمەریکا «هۆڵیود»، لەم ڕاستییەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێت. ماشێنە قەبە و سەیرەکانمان بەرچاودەکەوێت کە ناوی بە «ئۆتۆمبیلی ماسولکاوی» دەبەن. ئەمە ئەوەش وێنادەکات چۆن کەسەکانیش دەیانەوێت، بە چەندین شێواز خاوەنی «ماسولکە»بن. چیدی ئەگەر بە وەرزش، بە حەب و دەرزی «ستێر ڕوید»، یان تەنانەت گەر لە ڕێگای نەشتەرگەریش «عەمەلیات» بێت. ئەمە جگەلەوەی کەسی ئەمەریکی بە گشتی حەزی لە ئۆتۆمبێلی قەبە و ماسولکاوییە، بە هەمانشێوەش حەزی بە خانوی قەبە و باخچە و بێستانی قەبەش هەیە. هەمیشە بە کڕینەوە خۆی مەشغوڵدەکات. حەزدەکات شتێ زۆری هەبێت. وەک بیەوێت خۆی بە تەنیا هەموو شتەکان بۆ خۆی بکڕێت و بە تەنیا بۆخۆی کۆبکاتەوە. لەبەر ئەم هۆیەیە دەیەوێت بە خێراترین کات دەوڵەمەندبێت و بگرە لە دەوڵەمەندیش زیاتر. لەبەر ئەمەیە «کات» بەش ناکات بۆ دەوڵەمەندبوونی. خودی کات خۆی دەبێت بە «پارە».

کە باس لە ئۆتۆمـبـیل دەکـەین، گـرنگە ئامـاژەش بەوە بکەین، کـە تورەیی و گـیـانی پەلامـاردانانەی رۆحی ئەمـەریکی لە دیزاینی «بۆدی» ماشـێنەکانیـشدا ئامـادەیە. باشـترین نمونەش بۆ ئەمە مارکەی ئۆتۆمبێلی «هەمەرە»ـە. ئەم ماشێنە سەرباز و مۆرینەکانی ئەمەریکا بە کاریدەهێـنن، بەڵام لە ناو شارەکانیشدا دەبینرێت. ئەم چەشنە ماشـینە تا رادەیەکی زۆر وەک ماشـێنەکانی تر رۆژانە بەرچاوناکەوێت، چونکی نرخـەکەیان گەلێک گرانە. لەبەر ئەوە زۆربەی توێژی ناوەند «میدڵ کلاس» توانای کرینی ئەم جۆرە ئۆتۆمبیلە گرانبەهایانەیان نییە. تەنانەت لە جیـهانی بەکارهێنانی جۆری ئۆتۆمبیلیشدا مایەی هێماپێکردنە بڵێین، لە کاتی کۆبونەوە و خۆئامادەکردن بۆ دانیشتن و کۆنفرانسی بزنس ئاسا، هەمیشە رووخسارێک لەگەڵ جلوبەرگـێکی تایبـەتی و هـەروەها بە ئۆتۆمـبـێلێکی تایبـەتیش بەدیدەکرێت. لە کاتی وەرزشی «گـۆڵف»دا جـۆرێک لە جلوبەرگ دەکـرێتـەبەر و هەروەها ئۆتۆمـبـیلی تایبـەتی «سـپـۆرتی» بەکاردێت. هەرچەندە لەو کاتەدا «وەرزش و گۆڵف» دەکرێت، لەراستیدا وەکو لەش و جلوبەرگ دەردەکەون بۆ وەرزشکردن، بەڵام ئەوەی لە کاتە تەرخانکراوەدا باسدەکرێت دوبارە جیـهانی کار و بزنسە. بە مانایەکی تر، ئەوەی ئامادە نییە وەرزش بکات «رۆحی وەرزشە».

خاڵێکی تر هەیە دەبێت دەسـتی بۆ رابکێشـین، ئەویش بە بابەت یان شـتکردنی «ئابجـێکت کردن» زمانی قسەکردنە. ناونان لە شتە بێگیان و رۆحەکان دەبێتە شتێکی سەیر. بۆ نمونە بە مـانایەک لە مـاناکـان «هەبوونی شـتی زۆر، شـتی جـوان» وەک «ئۆتـۆمـۆبیلی سـپـۆرتی و مـاسـولکاوی، بەلەم و مـاتۆر و بینا و خـانوبـەرەش» بە «ئت و شی» پێناسـەدەکـرێن. واتە هەبوونی ئەم شتانە لە پێناسـەیەکی زۆر مێینانەدا پێناسەدەکرێن. لێرەدا بەکارهێنانی وشەی «جـوانی» دەبێت بەیەک جـۆر لە دەربرین بەرامـبـەر شـتـەکـان و لە هـەمـان کـاتیـشـدا بۆ مرۆڤەکانیش، بە تایبـەتی «ژنان». ئەوەی کورتبکرێتەوە لەم خاڵەماندا، سۆپەرمارکێتەکان و بەنزینخانەکان «گاز ستەیشنەکان»، نیگەرانی ئەوە بوون، کە شتەکان خراپببن و فرێبدرێن. وە هەروەها نیگەرانی ئەوەی لەبەر ئەوەی «بەنزین» هەمـوو فرۆشـرا و تەواو بوو، شـەهێی ئەوەیان دەکـرد، وەزعـەکـە بمێنێـتـەوە و نەک هەر بە نـرینی «زیاتر» بـفرۆشـن، بەڵکو زیاتر و هـەروەها «گرانتریش». بارودۆخێکی زۆر سەیر و شڵەژاو بوو، هەموو بەنزینخانەکان بەرنەدەکەوتن «کت و مت» وەک کـوردسـتـانی عـێـراق. بە جـۆرێک لە جـۆرەکـان بـارودۆخـەکـە وێنەیەکی ئـاخـر زەمانیانەی دەبەخشی.

٥ـ لەو سـاتەدا «کـارەبا» نەمـا، زۆربەی زۆری خـەڵکی لە بۆ بەنزین و «خـواردن» دەگـەڕان. شـەقامـەکان بـەرنەدەکـەوتن، پڕبوون لە ئۆتۆمـبـیل کە کـەس نەیدەویست مـۆڵـەت بە ئەوی دیکە بدات. هەڵپەکردن و هەلقۆستنەوە بە ئاشکرا لـە نێو رووخساری هەمـوو کەسەکاندا بەدیدەکرا.

هەروەها جگە لەوەی لە نێو کۆڵانەکانیشدا «منداڵان» لەبەر دەرگای ماڵەکانیاندا بە «مۆم و چرا» دانیشتبوون. «ئەمە ڕاستەوخۆ شەوی بەراتی بیرخستمەوە». ئەوەی خەڵکەکەی لە سەر شەقامەکاندا لە نێو ئۆتۆمبیلەکانیانەوە هەڵودا کرد بوو، گەڕان بوو بەدوای ئاوەدانیدا، کە مەبەستی سەرەکی «خواردن» بوو لە ڕاستیدا. «قەرەباڵغی و نانخوارد ن و ئاوەدانی» لە نێو ڕوناکی «کـــارەبا»دا وای لە زۆربەی خـــەڵکی ئەم شـــارە کـــرد عـــەوداڵی دۆزینەوەی «ڕێستورانت»ەکان بن. خواردن سروشتیترین دیاردەیە بۆ ئێمەی ئادەمیزاد. بەڵام لەم وڵاتەدا دەتوانم بڵێم سنورەکانی ئەو سروشتەشی تێپەڕاندوە. جمەی قەرەباڵغی «بەتایبەتی نەوەی گەنج و منداڵان»ی جیهانی سەیری «مەکدۆناڵد» بۆ نمونە بە خراپترین هەلومەرجی قەڵەوی ئەمەریکا تەماشادەکرێت. وە کەمیش نین ئەو ڕێستورانتە سەفەرییانە «خواردنی سەفەری» وەکو مەکدۆناڵدن. بەڵام چیدی ژیان لە وڵاتێکی زۆر خێرای وەک ئەمەریکا ناتوانی شەهێی زۆر و موعتادبوون بۆی لەناوبەرێت. ئەمە کێشەیەکی گەورەی ئەم وڵاتەیە لە ڕوی فیزیکی و هەروەها تەندروستییەوە. ئەمەریکا هەندە قەڵەوە «مەبەستمان قەڵەوە بە مانا حەرفیەکەی» وا خەریکی لاوازکردنی خۆیەتی. دووبارە ئەوەی لێرەدا کاریگەری خۆی هەیە لە جیهانی پارە و بزنسدا «پروپاگەندەیە». شتێکی خەیاڵی و باوەڕپێنەکراوە باس لەو کۆمپانیا و گروپ و تاقم و کەسانە بکەین کە کاریان لاواز کردنی «قەڵەوی»یە. شتێکی خەیاڵییە ژمارەی ئەم کۆمپانیایانە بزانین. هەموو شتێک تاقیدەکرێتەوە و بەکاردەهێنرێت لە پێناوی سەرکەوتن بەســـەر قـــەڵەویدا. بیـــرمـــان نەچێت ئەم ســـەرکـــەوتنە هیچ پەیوەندییـــەکی بە ئاســـتـــە مروڤایەتییەکانەوە نییە، لەوێنەی یارمەتیدان. نەخێر ئەم مارکێتە بۆ لە ناوبردنی قەڵەوی گەورەترین بزنزە. ئەم مارکێتە هەمووشتێکیش دەکات بە ئابجێکتی خۆی لە بۆ سەرکەوتن، وە هەموو شتێکیش تاقیدەکاتەوە بۆ سەرکەوتن. بۆ نمونە زۆر لەو جێگا وسەنتارانە «شتی ڕۆحی و ئەتمۆسفێرێکی ڕۆحانی» دەسازێن لە بۆ ڕازیکردنی موشتەرییەکانیان. تەنانەت «یۆگا» یەکێکە لەو شتانەی لەم پێناوەدا بەکاردەهێنرێت. خواردن واتە بەخشینی وزە و خۆشەویستی و ڕێز بە لەش. بەڵام لەم وڵاتەدا چەمکی «پیـــرۆزی» لە خـــواردن کـــەمکراوەتەوە. بۆ نموونە شارەکانی ئەمەریکا پڕە لەو ڕێستوراناتانەی پێیدەوترێت «بەفێی». لەم بەفێیانەدا ژەمی خواردن سنووری بۆ نییە. واتە بەیەک نرخی چونە ژوورەوە چەند بخۆیت ئاساییە. ئەمە جگە لەوەی خـەیاڵ ناتوانێ تەسەوری بکات، خـواردن چەند دەمێنێتەوە و فـڕێدەدرێت. لێرەدا وتەیەکی کادامێرمان بیردەکەوێتەوە کە دەڵێت «ئەگەر ئەڵمانیا پاشماوەی خواردن فڕێنەدات، ئەفەریقا پێیدەژی.»

زۆر شت لە چەمکی پیـــرۆزی بەدەرکـراوە و بە مـــانایەک لە مـــاناکـــان ڕووتکراوەتەوە لەو مانابەخشینەی بەڕادەیەک بتوانێت شتەکان پیرۆزبکرێن. لێرەدا بە گرنگی دەزانین ئاماژە بۆ

پرۆسەی «کڕین» بکەین، وەک ئاستە بەرزەکانی «شەهێ». واتە شەهێی کڕین، شتێک نییە بیەوێت لە نێو پەیوەندی و هاوکێشە کۆمەڵایەتییەکاندا بوونی هەبێت. بەڵکو ئەم شەهێیە تەنیا دەزانێت شتبکڕێت، چونکە دەتوانێت ئەم شتانە بە ئاسانی بکڕێت. بۆ نمونە موناسەبەکانی وەک «کریسمس و هاڵەوین و ڕۆژی باوکان و دایکان و ڕۆژی لەدایکبوونەکان» بوونەتە موناسەبە بۆ بەخشینەوەی شتەکان و دیارییەکان. کار گەیشتۆتە ئاستێک، کە چەندین موناسەبەی تریش دروستکراون وەک «ڕۆژی ڤەلانتاین» تەنیا لەبەر بە موناسەبەکردنێتی بۆ دامرکاندنەوەی شەهێی کڕین و بە خشینەوەی شت و دیارییەکان. بۆ نمونە، بەم پێوانە مەتریالبوونە بێت، ئەوەی دیاری گران و جوانی دایتێ، چیدی دەبێ لە هەمووکەسێکت زیاتر خۆش بوێت. وە ئەوەی تەنها توانای شتێکی هەرزانی هەیە یان ناتوانێت هیچ بکڕێت، مانای ئەوەیە کەسی خۆش ناوێت و کەسیش خۆشی ناوێت. لە ڕاستیدا ئەم هاوکێشەیە پێچەوانەوە دەکەوێتەوە، چونکە ئەوەی دەتوانێت شتی گران و شتی نایاب وجوان بکڕێت، چیدی بێویستی بەوە نییە «زمان» بەکاربهێنێت بۆ ئاستەکانی خۆشەویستی. لە کریسمسدا لە پێش هەموو شتێک ئەوەی چاوەڕێدەکرێت لە بەرامبەرەکەی «شتە ـ دیاری»یە.لە کاتێکا ئەم جەژنەی مەسیح دەربارەی لە دایکبوونی کوڕی «خودایە» واتە عیسای مەسیح. ئەوەی کریسمسی ئێستاکەیە پەیوەندی بەم لە دایکبوونەوە نییە، جگە لە کڕین و ئارامکردنی شەهێی کەسەکان بۆ شت و بۆ کڕین.

«مردن»یش بە هەمانشێوە لە چەمکی خۆی ڕووتکراوەتەوە. بۆ نمونە مارکێتێکی گەورە هەیە بۆ کڕینێ «شوێنی مردن، واتە گۆڕ، وە هەروەها تابوتیش». ئەم بزنسە کاری ئەوەیە کە بۆ خێزانی مردووەکە ڕێ و ڕەسم «سێرمۆنی» ئامادەدەکات. لە شوشتن و ڕێک و پێککردن و ماکیاجکردنی دەموچاوی تەرم و ساتەوەختی پرسەگێڕان و تا دەگاتە ناشتنیشی. ئەمە لە ڕاستیدا سیکیولەرکردنی مردنە. وە هەروەها کوشتنی ئەو نێوەندەیە کە چەند ڕێز و خۆشەویستیمان بۆ مردووەکانمان هەیە. ئەم مردوانە دەناسین، دەبوو خۆمان لە نزیکەوە هەستمان بەوە کردبا. ئەگەر لێرەدا تەنها سەرنجێک تۆماربکەین، پەیوەندی بە مەتریالکردنێکی ڕووتەوە هەیە. تابوتەکان جگەلەوەی داتاشراون و بۆیاخکراون و لە کۆمپانیای گەورەدا دروستکراون، وەک ژورێکی ڕاخراوی ڕازاوەش وان، وەک بڵێی مردووەکان تیایاندا بۆ ماوەیەک دەنوێن و پاشان خەبەریاندەبێتەوە و هەڵدەسنەوە.

٦ـ لە کاتی نەمانی «کارەبا»، خاڵێک کە بە خاڵی سەرسامبوونی ناودەبەم، ئەویش ئەوەیە، ئێوارە داهات و دونیا لێڵ بو ، خۆم و منداڵەکەم و ژنەکەم پێکڕا دەستی یەکمان گرت و چووین بۆ پیاسەکردن. منالانم بینی بە مۆم و هەندێکیش بە چراوە لە بەر دەرگاکانی

ماڵەکانیاندا لە دەرەوە بوون و لە شتەکانیان دەڕوانی. بۆ من ساتێکی زۆر سەرنجڕاکێش بوو. منالێ خۆممی وەبیرهێنامەوە، غوربەتێکی سەیر ناو ناخی تەنیم. دوابەدوای گەشتنەوەمان بۆ ماڵەوە ئەوەشم هاتە یاد، کە چۆن جیهان گۆڕاوە. هەرچەندە من نازانم چی بکەین لە سەردەمێکا بژین جارێک «کارەبا» تیادا نەبێت و تیادا دانەهێنرابێت، چونکە نەم دیوە «بەڵام بێکارەباییم بینیوە لە ساڵەکانی ١٩٨٨ـ ١٩٩٩، ئەو کاتەی لە تورکیا پەناهەندە بووم. کە کارەسات و ناهەمواریـیە، لە کاتێکدا لەم جیهانە ئەلیکترۆنی و دیجاتاڵەدا بیت، بە بێ وزەی کارەبا بژیت. ئەوەم بەیاداهات، چ شتێک ڕووبدات و وزەی کارەبامان نەبێت. ئەوەم بەیاداهات، چۆن مێژووی مرۆڤایەتی پڕێتی لە هەوڵ و تەقەلادان و داهێنان. چۆن مێژووی مرۆڤ لە پێش کاتی وزەی کارەباوە، بەدیار مۆم و چراوە کتێبی خوێندۆتەوە و کتێبیشی نوسیوەوە. دونیایەک لە ژێر ڕوناکی مۆم وچرا بە هەزاران شاعیر و فەیلەسوف و نوسەری بەرهەمهێناوە. لەو ساتەی ئەم بیرۆکانەم بۆ دەهات و بیریشم لەلای ڕوناکی مۆمی منداڵاکانی دەرەوەش بوو، توشی ئەو هەستە بووم، ڕووداوێکی وەک ئەمە بەجۆرێک لە جۆرەکان بە «ئەعجوبە» بخوێنمەوە. بە ئەعجوبە هەستکردنم بۆ ڕوداوەکە یەکەم دەستپێشکەریم بوو بۆ نوسینی ئەم بەرهەمە. بەش بەحاڵی خۆم باوەڕم هەیە بتوانین ئەم ڕوداوانە بەم شێوەیە وەربگێڕین. بەڵام لێرەدا بەکارهێنانی ئەم وشەیە لە تێرمێکی ئایینیدا تەماشاناکەم، بەڵکو ئەگەر باوەڕ بکەین ژیان و دونیا لە ئەعجوبەیەکی زۆر مەزن دەچێت، چیدی ئەم ڕوداوەش بەشێک دەبێت لەوە، یان خوێندنەوەمان بۆ ڕوداوەکە بە ئەعجوبە دەکرێت. چونکە بەلامانەوە گرنگە ڕووداوێکی بەم شێوەیە لە شیعرییەت و لە پەیوەندی بە ژیانی ئێستامانەوە تەماشابکەین. بۆ نمونە لە سەردەمێکی زۆر خێرای وەک جیهانی نزیکبوونەوەمان لە یەکتری، شایەنی باسە ئەم ڕوداوە ببەستینەوە بەو بیرۆکەیەی بەبێ ڕوناکی چێبکەین لەم دونیایەدا. خۆشەویستی و ڕێزی ڕوناکیمان لەلا شتێکی پیرۆز و گومان لێ نەکراو بێت. واتە لە ڕێگای ڕووداوێکی ئاواوە ڕەنگە هەوڵبدەین و زیاتر بیر لەوە بکەینەوە کە هەمیشە پێویستمان بەو سیمبولانە بێت کە دەتوانن شتێکمان پێبڵێن.

٧ـ لە نەمانی«کارەبا»دا ئەوەی سەرنجامانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا «تەلەفۆن» بوو. برانی تەلەفون لەم وڵاتەدا بێهیواییەکی گەورەیە بەرامبەر کۆی پەیوەندییەکان. بەبێ تەلەفۆن سنوری قسەکردن لە نێوان وڵاتەکاندا دەوەستێت. ئەوەی تەلەفۆنی داهێنا سەرەتاکانی «تەلەگراف» بوو. لە کاتێکدا گوێت لە دەنگی ئەو کەسەیە لە نێو ئامێرێکی ڕەق و تەقەوە دێتەدەرێ. ئێستاکە لە تەلەفۆنێکەوە بۆ تەلەفۆنێکی دیکە نەک هەر دەنگ بەڵکو ڕەنگیش دەبینی. واتە ئایا ئەمە بیرۆکەی «دەنگ و ڕەنگ»ـە کەی کرینی «دی ڤی دی» نییە. واتە ئەوە

جاران بو تەلەگراف دەكرا، دوایی ڕەنگ لە ئامێرێكەوە كواسترایەوە بۆ یەكێكی تر. ئێستاكە نەک هەر دەنگ بەڵكو ڕەنگیش دەگوازرێتەوە. ئامێری تەلەفۆن كۆی ئامێرەكانی وەک «تیڤی، تەسجیل، دیڤێ... هتد» لە خۆیدا كۆكردۆتەوە. ئایا چیّ تر ماوە بگۆڕێت و بدۆزرێتەوە؟

باسی تەلەفۆن دەكەین، چونكە كاتێک كارەبا نەما، كاری كردە سەر پەیوەندییەكانی «تیلیّ كۆمیونیكەیشن». نیگەرانیبوون سەر ڕووی مرۆڤەكان دادەگرێت، بە تایبەتی لەم وڵاتەدا، چونكە ڕاهاتن بە تەلەفۆن لەم وڵاتەدا وەک پێویستی لەش بۆ وزەو نانخواردنی لێهاتووە. خەڵكی بەبێ تەلەفۆن هاوسەنگی لە دەستدەدەن و ڕەنگە قسەكردنیان لێبشێوێت. چونكە لە ڕاستیدا ئەمەریكا هەندە لەسەر تەلەفۆن قسەدەكات، باوەڕ ناكەم ڕووبەڕوو لەگەڵ یەكتردا هەندە قسەبكەن. وەک لە سەرەوە ئاماژەمان بەم خاڵەدایەوە، لە بەشتكردنی زماندا. لە بری ئەوەی لە ڕێگای شیعر و پەخشان و نووسینەوە هەستەكان بەرامبەر لە ڕێگای زمانەوە بەرامبەر یەكتر دەرببڕێت، لە شتەكاندا بەرجەستەدەبێت. كاتێكیش ئەوەی شتێكی نایاب و جوانی بۆكڕین كە گرانترین نرخی هەبێت، چیدی لە هەموو ئەوانی دیكەمان زیاتر خۆش دەوێت. كاتێک لە نێو تەلەفۆندا باس لە هەموو شتێک دەكرێت، چیدی ئەمەندە نامێنێتەوە بۆ باسكردن و ئاخافتن، كاتێک ڕومان بە ڕووی یەكتر دەبێتەوە. ئەم وڵاتە تەنها لە تەلەفۆندا حەز بە دوان و قسەكردن دەكات. كاتێكیش لە دواندن كۆتاییدێت لەگەڵ یەكێكدا، هەمیشە بە دوای ژمارەیەكی تردا دەگەڕێت بۆ قسەكردن لە گەڵیدا. دوبارە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پروپاگەندەی ئەو كۆمپانیایەی كە هێڵی تەلەفۆنەكانمان پێدەفرۆشێت. چونكە لەبەرئەوەی بیرۆكەی پێشبڕكێیەكی «مونافەسە» سەیر و بێئەندازە كۆڵەكەی ڕۆحی سیستەمی كاپیتالیزمە، لەبەرئەوە هەمیشە كۆمپانیایەک دەبێت هەبێت شتێ بە هەرزانتر لێبكڕین. لەبەر ئەم پێشبڕكێیەیە، كۆمپانیایەک دەبێت هەبێت «خولە»كی زیاترمان لەوانی دی بۆ قسەكردن بداتێ. ئەم قسەكردنە پێویست بكات یان نەء گرنگ نییە، ئەوەی گرنگە لێرەدا سەرفكردنی دەقیقەكانە و، هەروەها قسەكردنیشە. بەڵام لێرەدا قسەكردن چیدی «بەها و نرخێک»ی نابێت، بەتایبەتی لە دیتن و ڕوبەڕووبونەوەماندا لەگەڵ یەكتریّ. چونكە زیاتر حەزدەكەین لەسەر تەلەفۆن قسەبكەین، نەک ڕووبەڕووی یەكتر. ئەی چی لە تەلەفۆنێ گیرفان یان دەستی «سێڵ فۆن» بكەین، كە هەمیشە دەبێت بەلاقەدەوە بێت، یان لە گیرفانماندا بێت. بەڵام ئەوەی لە گیرفاندایە هەمیشە هەستی پێدەكەیت، وەک ئەوەی هەمیشە چاوەڕێی لە گیرفانەكانتەوە «زەنگ» بكەیت. تەلەفۆنێ گیرفان، هەمیشە لە گەڵتدا دەبێت. ئەم سێڵ فۆنە جیاوازە لەگەڵ تەلەفۆنەكەی ماڵەوەماندا، چونكە ئەوەی لە ماڵەوەیە لە ماڵەوەیە، ئەوی تریان لەگەڵماندا دێتە دەرەوە. چیدی ئێمە ناتوانین نهێنیەكان بپارێزین، چونكە بە زەنگێک دەتوانن بماندۆزنەوە. تەلەفۆنی دەستییە و لەگەڵماندا دێت بۆ گەڕان.

کۆی ئەو خاڵانەی سەرەوە هانی دام ئەم ڕووداوە تەنها لە ئاستە تەکنیکییەکەیدا نەبینم، بەڵکو هەوڵبدەم لەوە زیاتر بکەم. ئێمە ئەم ڕووداوە یان هەر ڕووداوێک لە سروشت و کۆمەڵگادا بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ئاستێکی بەرزتر تەماشایبکەین و لێکیبدەینەوە، وەک شتێکی بێ هێما تەماشاینەکەین. ئەم ڕووداوە ئەوەی بە خەڵکی ئەمەریکا وت: تیرۆریستەکان لەوە بەهێزتر و سەیرترن وەک ئەمەریکا بانگەوازی گەورەترین جەنگی بۆ کردوون. چونکە چیدی دەزانن جەنگ بە جەنگ کۆتایی نایەت، بەڵکو جەنگی تریش دێنێتە ئاراوە. نیگەرانی لە تارمایی «شەبەحی بن لادن» خۆی ئاشکرادەکات و لە ڕاستیدا هەموومانی تۆقاندوە. تۆقاندن لێرەدا وەزیفەی ئەو بەر پرسیارێتییە کە لە نیگەرانی بوونمانەوە پێیدەگەین. بەرپرسیارێتیش لەم جەنجاڵەی ئێستادا، نازانم بانگەوازی جەنگ و زیاتر توڕەکردن و بەلەسەکردنی ئەم شێتگیری و تیرۆرە بەرەو هەموو ئاستە ناشرینەکانی تری نابات؟. لە کاتێکدا جەنگی مردن مەحکوم بکرێت بەسەرماندا، چیدی نازانم ئایا جەنگ دژی ئەم مردنە جێبەجێدەکرێت؟. ئێمە لە سەردەمێکداین، زۆربەی ولاتانی دونیا خاوەنی ترسێکی گەورەن لە جەنگی تیرۆریسم. بەڵام ئەم ترسە وەک خۆی نامێنێتەوە، بەڵکو دەبێتە سەرەتاکانی کەوتنە نێو جیهانی گێژبوون، وەک تێرمێکی کیرکگجاردیانە ئاماژەی بۆ بکەین: «نیگەرانی واتە گێژبوون» وە «نیگەرانی سەبری نییە» وە «نیگەرانی دەربارەی سبەینێیە» (٤). نیگەرانی لە خەمخواردندایە بۆ بوون، چی دەبێت و چی ڕودەدات، وە بەبێ ئەم هەستکردنەش بەربسیارێتیمان ئامادە نابێت لە بووندا. «نیگەرانی ئیمکانییەتە بۆ سەربەستی» یان «ئیمکانییەتێکە لە بۆ ئیمکانیەتی سەربەستێ» «کیرکیجارد. ل ٤٤، کتێبێ کۆنسێپتی ئەنێکزایەتی ـ نیگەرانی». (٥)

ئەمەریکا بە «سەرزەمینی فرسەتەکان» بەناوبانگە. ئەم ڕستەیە بە هەموو شێوەیەک پێماندەڵێت فرسەت چی دەگەیەنێت. لێرەدا فرسەت ئەو دەگەیەنێت، چۆن لە دەرفەتەکاندا بگەیت بە خەونەکانت. فرسەت دەرفەتەکانە و خەونیش ئەو تاکە خەونەیە بۆ دەوڵەمەندبوون. لەم وڵاتی فرسەتەدا ئیش تیاکردن بۆ ژیان بوونی نییە. ئەوەی ئیشی تیادەکات دەبێت بۆ دەوڵەمەندبوونی بکات. ژیان یەک پارچە دەبێت بە «ئابووری». وەک چۆن لە لای مارکس هەمووشتێک لە چارەسەرکردنی کێشەی کۆمەڵگا بە ئابورییەوە بەندە، واتە بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی یەکسان بژی و هەزارانیش هەقیان نەخورێت، دەبێت سیستەمێکی ئابووری هەبێت کە کەس هەقی ئەوی دیکە نەخوات. کێشەی مارکس لەوەدا دەردەکەوێت، حەتمییەت دەدات بەو سیستەمە. واتە ئەو جیهانە لە خەون زیاترە و ڕۆژێک ئەو بەهەشتە دەبێت ببێت و بێتە دی. ڕاستە مارکس ئەمە لەبەر «مرۆڤەکان» دەکات بۆ ئەوەی هەقیان نەخورێت، بەڵام ئەم مرۆڤانە لە نێو ئەو سیستەمەدا نەبێت ناتوانن بە یەکسانی بژین. ئەم سیستەمەش بە هەمان

شێوە ناتوانێت مرۆڤەکان لەدەرەوەی ئابووریدا تەماشانەکات. لەم گۆشەنیگایەوە «ئێریک فرۆم»یش جەغد لەسەر ئەوە دەکات کە «پیاوی مۆدێرن کۆنترۆڵکراوە بە بەرهەمی دەستەکانی خۆی» (٦) وە «پێدەچێت سەدەی بیست بۆ ئادەمیزاد سەدەی لەبارچوون بێت.» (٧)

گومانی تێدا نییە زیاتر لەوە هەڵدەگرێت کە لێرەدا تێیرامایین، ئەوەی لە پەنجەرەی ئەو ڕوداوە وە تەماشامانکرد، تەنها وێناکردنێکی بە پەلە بوو بۆ هەندێک لە هەلومەرجەکان کە ئەمریکا و خەڵکی ئەمریکا تیای دەژین «لەم کۆمەڵگایە، هەموو، هەموو کەسێک چالاکانە بەرەوپێش ڕادەکات، چونکە فۆرمولەی ڕاوەستانیان لە بیرچۆتەوە.» «بۆردیلارد، کتێبی ئەمەریکا»

## سەرچاوەکان


1-benjamin r.barber-p-216
fears empire
and democracy-2003 terrorism war
2-same _p-167
3-same -167
4-erich from-p-5
to have or to be?
5-kierkegaard-308 and p-319
Cambridge companion to
Edited by
Alastair hannay
Gordon d.marino
6-on being human _p25
erich from
7-same-p-18